# دیـــــداری جــەلاد
# تەنیا گۆشەیەك لە جیهانی ژێر سایەی ئیسلام

*نووسینی: یان ئریکسۆن*

*وەرگێڕانی لە سویدییەوە: نوری کەریم*

nourikarim52@yahoo.com



**ئەحمد سەری زیاتر لە سێ سەد کەسی پەڕاندووە. یەکێکە لە بە ئەزمونترین جەلادەکانی عەرەبستانی سعودییە. ئەمە یەکەم جارییەتی، کە ئاوا ئاشکرا لەبارەی کارەکەیەوە دەدوێت و نمایشی شمشێرە دەم تیژەکەی دەکات بۆ وێنەگران. هەروەها بە شووروشەوقەوە باسی قوربانییەکانی خۆی دەکات.**

**بۆ هەزاران ساڵ دەچێت خەڵك هەر بۆی سەختە سەر لەو پیاوانە دەرکەن، کە ئەم کارە بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەنجام دەدەن، هەردەم ناڕۆشنی و تەمومژێکی زۆر بە دەوریانەوە هەیە.**

**زۆربەی خەڵك لە ڕۆژئاوا دیمەنێکیان لەبەرچاوە، کە چۆن ئیعدام لە وڵاتە ئیسلامییەکان بەڕیوەدەبرێت. چۆن کەسی سزا دراو لەسەر لمەکە لەسەر ئەژنۆ ڕادەوەستێت و لە پشتیەوە شمشێرەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ جیاکردنەوەی سەری لە لەشی.**

**بەڵام ئەو پیاوانە کێن کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن لە نێو خەڵکانێکدا کە قینیان لەم کارەیە؟**

**بە ئەزمونترین پیاوی سعودییە لەو مەیدانەدا، جەلاد ئەحمد ریازخەڵەف، بڕیاری دا ئەم یاسا نەنوسراوەی پاراستنی نهێنییەکانی ئەم پیشە ترسناکە پێشێل بکات و بۆ یەکەم جار بەسەرهاتی خۆی لە پەیوەندەدا باس بکات.**

**ئەحمدی دڵفراوان سەرسامی کردین بەوەی لە کۆشکەکەیدا دیمانەی لەگەڵدا بکەین، کە لەگەڵ ژنەکەی و چەند مناڵێدا تیادا دەژین لە شاری دامان، یەکێك لە بەندەرە گرنگەکانی عەرەبستانی سعودیە لە کەناری ڕۆژهەڵات. ئەو کۆشکەی لە پەیوەند بە پیشەکەیدا وەرگرتووە، کە دەکەوتە جوانترین بەشی شارەکەوە، بەسەر ئاوی کەنداوی فارسدا دەنواڕێت.**

**ئەم کۆشکە - لە زۆر ڕووەوە - دوورە لەو مەیدانە تەپوتۆزاویەوە کە ئەحمد کاری تیادا ئەنجام دەدا. تەنیا هێمایەك کە پیشاندەری پیشەی ئەم پیاوە بێت، هەڵواسینی بە دەرزەن شمشێرە بە دیواری ژووری دانیشتنی کۆشکەکەیدا.**

**پیاوێکی بەخۆی تێکسمراوە، دەدان سپی و زەردەخەیەکی پانی زۆر دۆستانەی پێوەیە. ئەحمدی چل و سێ ساڵە وەك کەسێکی کارامەی پیشەگەری لێهاتووی باوەڕ لەبننەهاتوو، کەوتە باسی ئەوەی کە چۆن دەستی داوەتە ئەم کارە.**

- بیست و سێ ساڵ لەوەوپێش بوو، کە حکومەت داوای کەسانێکی خۆبەخشی کرد بۆ ئەم کارە، جەلاد دەیوتی. لەو کاتەدا تەمەنم بیست ساڵ بوو، لە هەموو ئەو کەسانەی کە ئامادە بووبوون، گەنجتر بووم. بە هۆی گەنج بوونییەوە زۆر کەس لەو باوەڕەدا نەبووبوون، کە لە پیشەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت.
- بەڵام من لەگەڵ کارەکەمدا گەورە بووم، جەلاد بە شانازییەوە دەیوت.

جێگای سەرسامییە کە پیاوێك لەم کارەیدا سەری زیاتر لە سێ سەد کەسی پەڕاندووە، کە چی هیچ گرفتێکی نوستنی نییە پێش هەر ئیعدامکردنێك. هەروەها هیچ دوودڵییەکی نییە لە ڕووی ڕەوشتی و ئەتەکییەتی کارەکەوەیەوە. ئەحمد باوەڕی بەوەیە کە ئەو یاسا دینییانە دەبێت دروست بە تەواوەتی ئەنجام بدرێت. ئەو باوەڕی بەو ئایەتە قورئانە هەیە کە بۆ پەیامبەر محەمد هاتۆتە خوارەوە، "چاو بە چاو و دان بە دان"، هەرەوەها پێیوایە، کە سزا دەبێت هەر ئەنجام بدرێت.

لە عەرەبستانی سعودییە ئەو تاوانانەی، کە سزای ئیعدام دەیان گرێتەوە، بریتین لە: خاوەندارییەتی ئەلکحول، کفرکردن، هاوڕەگەزبازی و کوشتن.

سەرەڕای باوەڕی تەواوی بە یاسا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەحمد هەوڵی خۆی دەدات لەگەڵ هەموو تاوانبارێك بە سزای ئیعدام کە لێی خۆشبن، پێش ئەوەی شمشێرەکەی لێبەرزکاتەوە.

- هۆش و بیر و دوعاکانم دەچێتە سەر ئەوەی لە تاوانبار ببورن. ئاوات دەخوازم کە ببەخشن و خۆشحاڵ دەبم کە ئەمە بێتەدی. ئەگەر هەلم بۆ بێتەپێشەوە، کە زۆر جار ڕێکدەکەوێت، دەچم و داوا لە خێزانی قوربانی دەکەم کە هەلێکی تر بدەن بە تاوانبار، ئەحمد دەیوت.

وە ئەمە چەندەها جار ڕوویداوە، کە ئەو خێزانانە لە دوا خولەکدا لە تاوانبار خۆشبوون.

لەگەڵ ئەوەی کە بە هەزاران خەڵك کۆدەبێتەوە بۆ تەماشاکردنی ئیعدامکردن، بەڵام کاتێك کە لە دوا خولەکدا لە تاوانبار خۆشدەبن، دەبێتە مایەی خۆشییەکی گەورە.

- دەبێت بە چەپڵە لێدان و ئاهەنگ گێڕان، ئەحمد دەیوت. خۆشییەکە هەر مەپرسە.

بەڵام لە زۆربەی کاتدا لێخۆش بوون نییە، ئیعدامکردن بەو پێیەی کە دانراوە دەچێتە پێشەوە. ئەحمد ڕێز لەمەش دەگرێت.

- گوێبیستی دوا ئاواتەکانیان دەبم، ئەحمد ڕوونی دەکاتەوە. هەندێك لەم تاوانبارانە لە خوا دەپارێنەوە. هەندێکی تر داوای مەلا دەکەن. لەبەرئەوەی من بڕیار لەسەر شوێنی ئیعدامکردنەکەیان دەدەم، ئاسایی وەڵام بە دوا ئاواتیان دەدەمەوە، تا ئەو ئاستەی کە ئیعدامکردنەکە دوانەکەوێت.

ئەحمد لەسەر لایەنی چۆنییەتی ئەنجامدانی کارەکەی قسە دەکات، وەك ئەوەی دارتاش بێت یان کرێکاری خانوو.

- شمشێرێکی تیژ و قۆڵێکی بەهێز، گرنگترین پێویستییەکانی کارەکەیە. پاشان ئاسایی دەبێت جەلاد چاونەترس بێت بۆ ئەنجامدانی کارەکەی.

ئەحمد سەری زیاتر لە سێ سەد کەسی پەڕاندووە، کە حەفتایان ژن بووە.

لە ڕاستیدا، ئەوەندەی دەگەڕێتەوە بە سەرپەڕاندن، هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان ژن و پیاودا. دروست لەم مەیدانەدا لە عەربستانی سعودییەدا بەرابەری هەیە. هەتا زۆر جار وا خۆی پیشان دەدا کە ژنان بەهێزترن لە پیاوان. ئەوەندەی ئەگەڕێتەوە بە هێزی مێشك، ژنان دەستباڵاترن.

- بۆچوونی خەڵك لێرە ئەوەیە کە ژنان ناسك و لەرزۆکن. بەڵام کاتێك دێتە سەر ئیعدامکردن زۆربەی ئەوانەی دەڕوخێن پیاون. کاتێکیش کە دەبیستن لێیان خۆش بوون، بەشێکیان تەواو لە پەلوپۆ دەکەون، بەشەکەی تریان شێت دەبن. بەڵام ژنان بە پێچەوانەوە، زۆربەیان دەماریان لە پۆڵایە، ئەحمد دەیوت.

- ده ساڵ لەومەو پێش خەریکی ئەوە بووم سەری ژنێك ببەڕێنم، ئەحمد دەیگێڕایەوە. ژنەکە لەسەر ئەژنۆ بوو ئامادە بۆ سەرپەڕاندن. لە دوا خولەکدا بیستمان کە خێزانی قوربانی لێی خۆشبوون. پۆلیس ژنەکەیان بردەوە بۆ ناو پاسی بەندەکە.
- پاشان زانیمان، کە باوکی قوربانییەکە وتویەتی، لە ژنە تاوانبارەکە خۆش دەبێت بە مەرجێك هاوسەرەکەی ڕازی بێت!

تۆزێك پشێوی دروست بوو. پۆلیس ژنەی نەگبەتیان هێنایەوە بۆ مەیدانی ئیعدام. خەڵکەکە کەوتنە هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی ژنە تاوانبارەکە و چوون بۆ لای هاوسەری پیاوەکە و داوایان لێکرد کە لە تاوانبار خۆشبێت. جارێکی تر ژنەی سزا دراویان بردەوە بۆ پاسە بەندەکە.

- ئارام و لەسەرخۆ چوو لە کورسی پشتەوەی پاسەکە دانیشت. ئاسایی قسەی دەکرد. هەموو ئەمانە ئەگەر لە پیاوێك ڕوویبدایە توشی سەکتەی دڵ دەبوو. بەڵام زۆربەی ئەو ژنانەی کە من سەرم پەڕاندوون زۆر بەهێز و ئارام بوون.

سەرپەڕاندنێکی تر کە ئەحمد بۆی گێڕاینەوە، پیاوێك بووە کە هاوڕێیەکی هەرە خۆشەویستی خۆی لە شەرەقسەیەکدا کوشتبوو. پیاوەکە بە دەستی هاوڕێکەی تێهەڵدانی خواردبوو، لەگەڵ ئەوەش لێی خۆشبووبوو. بەڵام دایکی پیاوەکە داوای کردبوو کە کوڕەکەی تۆڵەی ئەم ناهەقییە بکاتەوە. پیاوەکە دەچێت بۆ ماڵی هاوڕێکەی و بە چەقۆ دەیکوژێت. بەهۆی ئەم تاوانەوە پیاوەکە بەپێی یاسای عەرەبیستانی سعودییە سزای ئیعدام دەدرێت بە سەریدا.

ئەحمد زۆری لە دڵدا بوو باسی بکات و هەروەها خۆشحاڵ بوو کە سەرئەنجام ئەم هەلەی بۆ ڕەخسا. هەرگیز بە خۆیەوە نەیدیبوو کەسێك دانیشێت و گوێبیستی قسەکانی بێت. پیشەکەی وا دەردەکەوت حەرام بێت و هیچ هاورێیەکی نەیدەوست لە دانیشتنێکدا لەسەری گفتگۆ بکات.

- خەڵك وا تەماشام دەکەن کە لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتووم، ئەحمد زەردەخەنەیەکی پان کەوتە سەر لێوانی. هەوڵ دەدەن لێم دوورکەونەوە و هیچ شتێکیان لەگەڵ مندا نەبێت. هەندێك جار کە دەچم بۆ میوانی، کەسێك کە نامناسێت لە تەنیشتم دادەنیشێت. بەڵام هەر ئەوەندەی بۆی دەردەکەوێت پیشەکەم چییە، یەکسەر دەکەوێتە خۆی، شتێك دەدۆزێتەوە بۆئەوەی هەستێت و لێم دووردکەوێتەوە.

ئەحمد زۆری بۆ سەختە تێبگات کە بۆچی خەڵك لەوە دەچێت لێی بترسن. لەبەرئەوە زۆربەی کاتی ئازادی خۆی لەگەڵ خێزانەکەی دەباتە سەر.

- خێزانەکەی خۆمم لە هەموو شتێك زیاتر خۆشدەوێت. سوپاس بۆ خوا، کە لێم تێدەگەن و منیان خۆشدەوێت. منداڵەکانی خۆمم خۆشدەوێت و لە خوێندنیاندا یارمەتیان دەدەم.

ئایا ئەحمد دەیەوێت کوڕەکانی وەك خۆی دەرچن؟

- نـــا، نـــا، دەمەوێت بخوێنن و ببن بە شتێکی تر.

---

**سەرچاوە** :

*Reportage text: Jan Erikson Aktuell rapport Nr. 12/2003*